# ئەمریکا بەنزین ئەکات بەئاگردا

نوشیروان محمود



گەر مرۆڤ بەووردی سەرنج بداتە سیاسەت و هەڵوێست و ڕەفتاری بەڕێوەبەرایەتی ئەمریکی لەماوەی چارەکە سەدەی ڕابردوودا ،ئەتوانێ گەلێک شکستی و هەلپەرستی و دووڕووی و هەڵەی ئەنقەست دیاری بکات لە سیاسەتی دەرەوەی دا ، لەگەڵ ئەوەشدا کە دانان و داڕشتنی ئەو سیاسەتە لە لایەن شارەزایان و راوێژکارانی پرۆفیشنەڵ بڕیاری لەسەر ئەدرێت .گەلێک جار ناکۆکی و بۆچوونی جیاوازی نێوان دوو پارتی سەرەکی دیموکرات و کۆماری ئەبێتە ڕێگر و کۆسپێک بۆ گەیشتنە ئەنجامیکی سەرکەوت و یان بڕیارێکی هاوبەش وە لەئەنجام دا ڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمریکی لێوەشاوەتەوە ،بەڵام ئەوەی جێ ی سەرنجە لە عێراق دا دەیان هەڵە و بڕیاری چەوت و هەڵەی تکتیکی ئەمریکا بەدی ئەکرێت کە ئەگەر بێت و لێ کۆڵینەوەی ووردی لەسەر بکرێت ، زۆر لایەنی شاراوەی ئەو پیلان و بڕیارانە ئاشکرا ئەبێت . ئەمریکا کە خاوەنی پێشکەوتوترین دەزگای چاودێری ئەلکترۆنی یەو ئەتوانێت تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکان لە هەچ بستێکی سەرزەمین دا ئەنجام ئەدرێت و لە هەچ کات و شوێنێکدا بێت ئاشکرا بکات ،ئایا چۆن ناتوانێت ستراتیژی یەکی بەهێز بهێنێتەدی ؟ یان بۆچی ناتوانێت سیاسەتی دەرەوەی بەسەرکەوتوانە دابڕێژێت ؟ یان بۆچی پەیڕەوی سیاسەتێکی وورد و دیاریکراو ناکات وەئالۆزی و ڕاڕایی و دوودلی تێدا بەدی ئەکرێت ؟؟؟ .

سەرنج دان لە بڕیارەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بەعێراق و ناوچەکە جیاوازی تێدا بەدی ئەکرێت ئەگەر بێت و بەراورد بکرێت لەگەل بڕیارەکانی پەنتاگۆن– وەزارەتی بەرگری – دا ،هەروەها بڕیارەکانی کۆشکی سپی و کۆنگرێس لەلایەکی ترەوە بوونەتە بڕیاردەری ڕاستەقینەی دیاریکردن و پیادەکردنی نەخشەو پیلانە شکست بردووەکانی ئەمریکا کەنرخەکەی قوربانی یە بێ تاوانەکانی میللەتی عێراقە. گۆڕینی پاول بریمر و خلیل زادەو پاشان هاتنی کرۆکر بالوێزی نوێ، دووبارە بوونەوەی هەڵەکانی پێشووە بەلام بەشێوازێکی تر ،وە لەهەمان کاتدا هیچ ئومێدێکی تێدا بەدی ناکرێت . گەورەترین گۆڕانکاری لە ستراتیژی و دانانی نەخشەی گونجاو لەڕووی پراکتیک و لە

شێوازدا لە مامەلەکردنی ئەمریکادا بەرامبەر تیروریستان و بەرهەلستی کاران ،*نەخشەی ئەمنیەتی شاری بەغدایە*، کەپاش تێپەڕبوونی نزیکەی دوو مانگ بەسەر ئەو پرۆسەیەدا ، هیچ ئەنجامێکی پۆزەتیڤی نەخستۆتەوەو تەنانەت بۆتە هۆی تێکدان و ئالۆزبوونی هەندێ

لەناوچەو شارەکانی تری عیراق وەکو... کرکوک ،دیوانیە،سەماوە،نجف......هتد،تیروریستان توانیویانە سوود وەربگرن لەکەمی و نەمانی هێزەکانی ئەمریکا لەو شارانەدا ، کەئەویش لەراستی دا ئەگەڕێتەوە بۆ لاوازی و هە ڵەی نەخشەی داڕێژراو ،بێ گومان کەم وکوڕی و سەرنەکەوتنی پرۆسەیەکی فراوان کەنەتوانێت ئەمنیەت لەپایتەخت دا دابین بکات ، جێی گومانەو دەیان پرسیار ئاراستەی بەڕیوەبەرایەتی ئەمریکا و حکومەتی عێراقی ئەکات ،لە گرنگترینیان .....ئایا کێ بەرپرسیاری سەرەکی یە لەو هەموو شکستیانە؟؟ تا کەی چارەسەری راستەقینەو ڕیشەیی نادۆزرێتەوە بۆ کێشەکان ؟؟؟ ئایا هەموو ئەو هەڵانەی ئەمریکاییەکان کردوویانەو ئەیکەنەوە، لەنەزانی و ساویلکەییانەوەیە یان بە مەبەستە و دوافعی سیاسی لەپشتە ؟؟؟. لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزەکانی ئەمریکا ناتوانن کۆنترۆڵی تەنها چەند شارێکی عربی سونی بکەن ،بەڵام بارودۆخەکەیان بەرەو ئاڵۆزتر هەنگاو ئەنێ و بڕیارە دژ بەیەکەکانیشیان زیاتر هەست و حماسەتی هەردوو عربی سونەو شیعە ئەوروژێنێ وە لەئاکامیش دا گیانی تۆڵەسەندن و باوەڕ بە یەک نەبوون بەهێزتر ئەکات .

بڕیارو پڕۆژەکانی تری ئەمریکا لە بووارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی دا لە هەنگاوەکانی پێشووی سەرکەوت و تر نەبووە،بۆ نمونە ...بڕیاری لابردنی ڕیشەکێش کردنی بەعس ،کە پێشنیاری راپۆرتی هاملتون بوو بۆ گەڕانەوەیان بۆ سووپا ، ئێستا جێ بەجێ ئەکرێ و بڕیارە لەپلەی رائیدەوە بگەڕێنەوە بۆ ناو سووپای نوێ ،کەئەو بڕیارەش بۆتە هۆی نارەزای و دروست بوونی کێشەلای زۆرینەی شیعەکان ،ئەم بڕیارەش بۆ ڕازیکردنی عربی سونی و کەم کردنەوەی بەرهەڵستیان دژی حکومەتی مالکی و ئەمریکایە . هەروەها لەلایەکی ترەوە ڕوودانی چەندین کاری نایاسای ، کوشتن ، ڕفاندن ، گەندەڵی ، دزی و یاری کردن بە دەسەڵات و ئیستغلال کردنی پلەو پایەو دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن سەرکردەو رابەرو کەسانی ئاینی و هێزەمیلیشیاکانی شیعەو سونەی عەرەبەوە بەئاشکرا لەبەر چاوی لێ پرسراوانی سیاسی و سەربازی ئەمریکاییەکانەوە لەسەرانسەری عێراق دا جێ ی گومان و لێکۆلینەوەیە، وەئەو ڕاستی یەدەرئەخات کە بەڕێوەبەرایەتی ئەمریکا بێ ئاگا نی یە لە پیلان و دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان لە ناوچەکە دا ، وە ئەگەر مەبەستی بێت ئەتوانێت ڕێگربێت لەبەر دەم ڕونەدانی کارەساتەکان دا .

سەرەڕای هەموو ئەو فەرامۆشیانەو خۆلێکەڕکردنە– تجاهل – بەڕێوەبەرایەتی ئەمریکی هەڵوێستێکی هەلپەرستی و لاوازی هەیە بەرامبەر تەدەخولاتی دەرەکی وڵاتانی دراوسێ لەکاروباری ناوخۆی عێراقدا ،تورکیا لەژێر پەردەی پاراستنی سنوورەکانی و پارێزگاریکردنی تورکماندا بۆتە هۆکاری هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر هەرێمی کوردوستان ،ئێران و سوریا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و فراوانکردنی نفوزیان لەعێراقدا پشتگیری سیاسی و لوجستی لە هاوپەیمان و نۆکارانیان ئەکەن و چەندین گروپ و دەستەی چەکداری ئیسلامیان پێک هیناوە ،وڵاتانی تری عربی لەدوورو نزیکەوە هاوکاری لایەنگران و پاشماوەی بەعسیەکان ئەکەن ......، ئەوانەو سەرەڕای ئەو هەموو هەڵوێستە چەوت و دووژمنایەتیەی ووڵاتانی ناوچەکە، ئەمریکا بەپێی پێویست و لە ئاستی بەرپرسێتیدا و بەڕادەی دژایەتیان وەڵامی نەداونەتەوەو

وە بەرپەرچی پیشان نەداوە، تەنانەت هەڕەشەی جدیشی لێ نەکردوون . بەپێ ی پێوانەی شەڕی سارد و ئەزموونەکانی ڕابردوو یان تکتیکی سوودلێ وەرگرتن بە مەبەستی مانەوەو ئیستغلال کردنی ئەو کێشانەی لە سەرەوە باسم کرد، وا دەرئەکەوێت کە هەوڵی ئەمریکا بۆ سەرقاڵکردنی شیعە و سونە بە شەڕو کێشەی ناوخۆوە و قووڵ کردنەوەی قەیرانە سیاسیەکان و هێشتنەوە ی کێشەکان و خۆدوورخستنەوە لە دۆزینەوەی چارەسەری بنەڕەتی و خۆکەڕکردن لە هەڕەشەی ئاژاوەچییەکان ،*کارتێکی فشار و مانۆڤەرێکی تکتیکی دارێژراوە* کە لەلایەن ئەمریکاوە بەکاردێت بۆ ئەوەی هەموو هێزە سیاسی و تایەفەگەری و ئاینییەکانی ناوەوەی عێراق بە لاوازی و بێ یەکگرتووی بمێننەوە ، تا هەموو گەلانی عێراق یەک هەڵوێستی پتەو و یەکگرتوو پێک نەهێنن دژی ئەمریکا و لەهەمان کات دا بە یەک دەنگ داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نەکەن .

11.04.2007 _ Denmark